Archive of SID

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

***پژوهشنامه ادبیات کردی***
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

# نواندنەوەی بۆشایی لە کورتەچیرۆکی کوردیدا: خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی نموونە بەرهەمی شێرزاد حەسەن، عەتا نەهایی و محەمەد ڕەمەزانی

بەختیار سەجادی[1]؛ توورەج خوسرەوی[2] (نویسنده مسؤول)

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۲۰ مرداد ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۱ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۶۹-۸۵

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.167

## پوختە

لێکدانەوەی بۆشایی و دەرکەوتەکانی لە سوبژێکتیڤیتەدا، ناخودئاگا و ناخی سووژە باشتر دەردەخات و پەنجەش دەخاتە سەر ئەو مەیل و خواست و کەموکوورییانەی لە ناخودئاگای سووژەدا جێگەیان خۆش کردووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە لە سێ کورتەچیرۆکی کوردی بە گوێرەی پێگە، ژیان، زەینییەت و پاشخانی سووژەی کوردیی نوێندراو لەو بەرهەمانە بکۆڵدرێتەوە و بە پێی ڕوانگەکانی لاکان و بۆچوونی دەروونشیکارانە دەست بخرێتە سەر بۆشایی نوێندراو لەو بەرهەمانەدا. نموونەکان بریتین لە «لۆزان» بەرهەمی شێرزاد حەسەن، «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ» نووسینی عەتا نەهایی و «عەینەک و سەمعەک» بەرهەمی محەمەد ڕەمەزانی. ئەم سێ نموونەیە هەوڵیان داوە سێ چەشنی جیاوازی بۆشایی لە سوبژێکتیڤیتەی کوردیدا بنوێننەوە کە بریتین لە بۆشایی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆشایی سۆز و ئەوینی ئازاد لە جڤاتی نەریتەواندا و بۆشایی زەینییەتی مۆدێرن. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆشاییە ئاماژەپێکراوەکان لە ناخودئاگای کەسایەتییەکانی بەرهەمەکاندا ئامادەبوونی بەرچاویان هەیە و بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی تێکچوویی و ناهاوسەنگیی دەروونیی. هەر سێ جۆری بۆشایی باسکراو ئاماژە بۆ دۆخی زەینیی کەسایەتییەکان دەکەن و تێکڕا لە زمانی کەسایەتییەکاندا دەرکەوتوونە.

**وشەگەلی سەرەکی:** کورتەچیرۆکی کوردی؛ سوبژێکتیڤیتە؛ بۆشایی؛ ناخودئاگای پێکهاتەمەند؛ ئۆبژە پوتی a.

## چکیده

تحلیل خلاء و آثار و عواقب آن در سوبژکتیویته می‌تواند ناخودآگاه و درون سوژه را بهتر واکاوی کند و آن دسته از میل، خواست و کمبودهایی را که در ناخودآگاه سوژه جا خوش کرده‌اند، نمایان سازد. پژوهش پیش‌رو تلاش می‌کند از منظر آراء لاکان و رویکرد روانکاوانه، سه داستان کوتاه کردی را بررسی کند و با توجه به موقعیت، زندگی، ذهنیت و پیش‌زمینه سوژه کردی، انواع خلاء بازنمایی‌شده در این آثار را مورد بررسی قرار دهد. این آثار عبارتند از: «لوزان» اثر شیرزاد حسن، «من ... تو را ... دوست ... دارم» نوشته عطا نهایی و «عینک و سمعک» اثر محمد رمضانی. این سه اثر تلاش کرده‌اند سه گونه متفاوت خلاء را در سوبژکتیویته کردی مورد بازنمایی قرار دهند که شامل خلاء هویت ملی، عشق آزادانه و خلاء ذهنیت مدرن می‌شوند. خلاء موجود در ناخودآگاه شخصیت‌ها، باعث اختلال و عدم تعادل شده است و این حالت ذهنی خود را در زبان نمایان می‌کند.

**واژگان کلیدی:** داستان کوتاه کردی؛ سوبژکتیویته؛ خلاء؛ ناخودآگاه ساختارمند؛ ابژه پتی a.

## ۱ــ پێشەکی

توێژینەوەی نێوانبواری، بە تایبەت لە لێکۆڵینەوە ویژەیی، دەروونناسانە و کۆمەڵناسانەکاندا، دەڤەرێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی هاوچەرخ بە تایبەتی. لە نێوان بژاردە ڕەخنەییە زۆروبۆرەکاندا و بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینە بۆ خوێندنەوەی نێوانبواری لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا، زیاتر سەرنج دراوەتە دوو بۆچوونی جیاواز کە بریتین لە بۆچوونە کۆمەڵناسانە و دەروونشیکارانەکان. ئەم دوو تێڕوانینە کە لقوپۆپی زۆریان لێ‌بۆتەوە و هەر کام دەپەرژێنە سەر

۱. دانشیار زبان و ادبیات انگلیسی، پژوهشگر پاره‌وقت پژوهشکده کردستان‌شناسی، دانشگاه کردستان، سنندج، ایران b.sajadi@uok.ac.ir
۲. دانشجوی کارشناسی ارشد زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه کردستان، سنندج، ایران touraj1398@gmail.com

www.SID.ir

Archive of SID

پێشکەش‌کردنی وێنەیەکی جیاواز لە تاکەکەسی نوێندراو، لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەدەبی چیرۆکدا شیاوی ڕەچاوکردن و تاوتوێ‌کردنن. لەم نێوانەدا، دەروونشیکاری لەو ڕووەوە کە زۆرتر گرنگی بە بابەتی زەینیی سووژە دەدات، لە خوێندنەوەی بەرهەمە نوێخوازانەکاندا زۆرتر سەرنجی پێدراوە و لە چاو بۆچوونە ڕەخنەییەکانی تر زیاتر کەڵکی لێوەرگیراوە. هۆکارێکی سەرەکیی گرنگایەتیی بەکارهێنانی بۆچوونی دەروونشیکارانە لە خوێندنەوەی دەقە نوێخوازانەکاندا ئەوەیە کە ئەو بەرهەمانە «هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی وردتر و ڕەسەنتر زەینییەتی سووژەی سەردەمی هاوچەرخ بنوێننەوە» (حسینی و سجادی، ١٣٩٧: ٣٦).[١] ناهۆشیاری یان ناخودئاگا لە بۆچوونی دەروونشیکارانەدا نەک هەر تیشکی زیاتری دەخرێتە سەر بەڵکوو تەنانەت بە تەوەری سەرەکیی ناسنامە و چوارچێوەی سووژەش بە ئەژمار دێت.

بۆ لێکدانەوەی بەستێن و دیمەنی مێژوویی سەرهەڵدانی نوێخوازی، وەک ڕێبازێکی سەرەکی لە ئەدەبی هاوچەرخدا، پێویستە ئاوڕ لەو ڕێبازانە بدرێتەوە کە نوێخوازییان لەسەر دامەزراوە. نوێخوازی لە ئەدەبی ڕۆژئاوای سەدەی بیستەمدا (وەک ئەدەبی ئینگلیسی، فەرەنسی و ڕووسی) لە لایەکەوە لە سەر دوو ڕێبازی واقیعی‌خوازی[٢] و هێماخوازی[٣] دامەزراوە و لە لایەکی ترەوە هاوکات ڕەخنەگر و پەرەپێدەری ئەو ڕێبازانەشە. نوێخوازی لە ئەدەبی چیرۆکی ڕۆژئاوادا (وەک چەشنە ئەدەبییەکانی ڕۆمان و کورتەچیرۆک) زیاتر لە سەر واقیعی‌خوازی دامەزراوە کەچی لە شیعردا پەرەپێدەری هێماخوازییە. پاش گەیشتنە لووتکەی واقیعی‌خوازیی ئەدەبی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، زۆربەی نووسەرانی کۆتایی سەدەی نۆزدە، وەک فێئۆدۆر داستایۆڤسکی و هێنری جەیمز، بە دوای ڕێکارێکدا دەگەڕان بۆ دەربڕینی وردتر و ڕوونتری قووڵایی هزری خۆیان. ئەم نووسەرانە هەستیان بەو بۆشاییە دەکرد کە لە واقیعی‌خوازیی ئەدەبیدا دەرکەوتبوو و ئەویش بریتی بوو لە نەبوونی توانستی دەربڕینی وردەکارانەی هەست و هزری دانەر یان کەسایەتی. بۆیەش بێجگە لە گەڕانەوە بۆ دەروون و زەین ڕێگایەکی تریان نەگرتە بەر. لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانەدا، زەینییەتی کەسایەتییەکان بەرچاوترە لە هەڵسوکەوتی دەرەکییان و ڕێکاری جۆراوجۆری گێڕانەوەیی بە شێوەی ئەزموونی، لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانەدا بە ئاشکرا دەرکەتووە. ئەم چەشنە هەوڵانە ئەگەرچی بە شێوەی تەواو نەیانتوانی پێویستییەکانی نووسەرانی ئەو بەرهەمانە دابین بکەن، بەڵام ئەوان بە نووسەری پێشەنگ دادەنرێن لەبەر ئەوەی ئاراستەیەکیان بە مەبەستی نواندنەوەی زۆرتر و وردتری زەینییەت پێک‌هێنا. دواتر لە سەردەمی بووژانەوەی نوێخوازیدا و بە تایبەت لە نێوان دوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا (لە بەرهەمی نووسەرانێک وەک مارسێل پرۆست، جەیمز جۆیس، ڤیرجینیا وۆڵف و ویلیام فاکنێر) ژمارەی تەکنیکە گێڕانەوەییەکان بۆ ئەم مەبەستە، گەشەیەکی بەرفراوانیان بە خۆیانەوە بینی و توانرا ناخی کەسایەتییەکان تا ئاستێکی بەرچاو، بە شێوەی خۆی، بنوێندرێتەوە. ڕەخنەی دەروونشیکارانەی دەقە ئەدەبییەکان لە سەر بۆچوونی دەروونشیکارانەی تیۆریی ئەدەبی دامەزراوە کە بە هۆی دەرخستنی لایەن و توێژە نادیار و ژێرینەکانی زەینییەتی سووژەوە جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی لە خوێندنەوەی دەقدا هەیە. ئەم توێژینەوەیە، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانگەکانی لاکان و بۆچوونی دەروونشیکارانەی پێکهاتەیی‌خواز[٤]، دەپەرژێتە سەر شیکاریی سووژە و دەرکەوتەکانی سوبژێکتیڤیتە لە سێ کورتەچیرۆکی هاوچەرخی ئەدەبی کوردیدا. نموونەکان بریتین لە «لۆزان» بەرهەمی شێرزاد حەسەن، «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ» نووسینی عەتا نەهایی و «عەینەک و سەمعەک» بەرهەمی محەمەد ڕەمەزانی.

---

[١] هەموو وتە گێڕدراوە فارسی و ئینگلیسییەکان لەم وتارەدا لە لایەن نووسەرانی وتارەکەوە وەرگێڕدراون بۆ کوردی.

[2] Realism.
[3] Symbolism.
[4] Structural.

www.SID.ir

Archive of SID

نووسینەکە هەوڵ دەدا پێکهاتەی ناخودئاگا و نواندنەوەی بۆشایی لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی هەر سێ کورتەچیرۆکەکەدا لێک‌بداتەوە. لە «لۆزان»دا ئەوەی کاوە، کەسایەتیی سەرەکیی کورتەچیرۆکەکە، لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان و لۆزاندا، بە شێوەگەلی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەری‌دەبڕێت، نواندنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە ناسنامەی خۆیدا زۆرترین دەرکەوتەی هەیە. لە «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ»دا ئەگەرچی دکتۆر هێرۆ، کەسایەتیی سەرەکی، کەسێکی سەربەخۆ، سەرکەوتوو و ناسراوە و کەسایەتییەکی جێگیر و دیاری هەیە، بەڵام بۆشایی سۆزدارانە و ئەویندارانەی لە چیرۆکەکەدا شیاوی سەرنجدانە. لە کورتە چیرۆکی «عەینەک و سەمعەک»دا مام عەزیز هێمای نائامادەیی سووژەی کوردە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مۆدێرنیتەدا، کە بەتەواوی لە هەڵس‌وکەوت و شێوەی بیرکردنەوە و قسەکردنیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدا توێژە لاوەکی و شاراوەکانی زەینییەتی سووژەکانی ئەو سێ چیرۆکە وەک سێ دەرکەوتەی جیاوازی بۆشایی، لە سوبژێکتیڤیتەی کوردیدا پیشان بدات و تیشک بخاتە سەر سێ جۆری جیاوازی بۆشایی لەو بەرهەمانەدا کە بریتین لە بۆشایی ناسنامە لە «لۆزان»دا، بۆشایی سۆز و ئەوین لە «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ»دا و بۆشایی زەینییەتی مۆدێرن لە «عەینەک و سەمعەک»دا.

لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا ئالنگاریی سەرەکی ئەوەیە ئەم ئەدەبە لە ڕووی ژمارە و بەرفراوانیی بەرهەمەکانی سەر بەو چەشنە ئەدەبییەوە، خاوەنی پاشخانێکی نووسراوی دەوڵەمەند و ڕابردوویەکی پتەو نییە. «واقیعی‌خوازی وەک ڕێبازێک لە ئەدەبی کوردیدا پاشخانێکی بەربڵاوی نییە و هەر تەنها لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا گەشەی کرد؛ ئەمەش بە گرنگترین کەمایەسیی ئەدەبی چیرۆکی کوردی دادەنرێ لە ڕووی بنیاتنانی بنەماکانی نوێخوازییەوە» (سەجادی، ۱۳۹۸: ۲۰). لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەدەبی چیرۆکی هاوچەرخی کوردیدا کەمتر بایەخ دراوەتە دەرخستنی مۆرکەکانی واقیعی‌خوازی بە شێوەیەکی تەواو. ئەگەریش هەوڵ دراوە تایبەتمەندی و ڕەنگی نوێخوازییان لە سەر دابندرێ، وێڕای ئەوەی بە هەوڵی سەرنجڕاکێش دادەنرێن، لە ڕووی تەکنیکی دەرخستنی ناخی کەسایەتییەکانەوە تەواو نین. هەر بۆیەش دەکرێ ئەو ڕێبازە و بەرهەمەکانی بە «نوێخوازیی ناتەواو» ناوبردە بکرێن (۲۲).

ئەدەبی چیرۆکی کوردی، لە لایەکەوە لە ڕووی پاشخان و ڕێباز و تەکنیک و مامەڵەوە بۆخۆی هەڵگری بۆشاییە و، لە لایەکی تریشەوە هەردەم ویستوویەتی چ لە زەینی تاکەکەسی و چ لە زەینییەتی کۆیی جڤاتی کوردیدا، بۆشایی بنوێنێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتیی نواندنەوەی «بۆشایی» لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا، سەرنج دراوەتە سێ ژێرچەشنی جیاوازی کورتەچیرۆک کە لە لایەن سێ نووسەری جیاوازەوە دانراون. بەرهەمەکان بریتین لە: یەکەم، کورتەچیرۆکی «لۆزان» نووسینی شێرزاد حەسەن کە دەکرێ بە نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی سوور-ڕیالیزم یان ئەوپەڕ-واقیعی‌خوازی لە ئەدەبی کوردیدا لە قەڵەم بدرێ؛ دووەم، «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ» نووسینی عەتا نەهایی کە وێڕای گرنگی‌دان بە بەستێنی واقیعی‌خوازانەی گەڵاڵەی چیرۆکەکە، بە شێوەیەکی بوێرانەش ڕۆدەچێتە نێو قووڵایی کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکەوە؛ سێیەم، کورتەچیرۆکی «عەینەک و سەمعەک» بەرهەمی محەمەد ڕەمەزانی، کە ڕوانگەی سووژەی کورد و کاردانەوە دوولایەنەکانی سووژە و کۆمەڵگا لە ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیاردە نوێکاندا لە دەقێکی واقیعی‌خوازانەدا دەنوێنێتەوە. یەکێک لە گرنگترین پرسەکان لە ئەدەبی نوێخوازانەدا بریتییە لە ڕەنگدانەوەی واقیع لە زەینی سووژەدا (پاینده، ۱۳۹۱: ۱۸). ئەوەی نووسەران بۆ داڕشتن و دەورگێڕانی کەسایەتییەکانیان لەم سێ کورتەچیرۆکەدا ڕەچاویان کردووە و دەریان‌خستووە، دەرکەوتەیەکی دەروونی و زەینیی هەیە و هەر بۆیەش دەکرێ لێکدانەوەی وردیان بۆ بکرێ، نەخاسما لە ڕووی شێوەی دەرکەوتنی بۆشایی بەرباسی چیرۆکەکەوە.

www.SID.ir

Archive of SID

وتاری بەردەست لە درێژەدا دەپەرژێتە سەر وروژاندنی پرسی سەرەکی و ئەو پرسیارەی کە لە لایەن نووسەرانی وتارەکەوە ئاراستە کراون. لە بەشی بنەمای تیۆریکدا گرنگی دراوە بە وردەکاریی تێگەهە ڕەخنەییەکان و ڕەوتی پێناسەی پێکهاتەی ناخودئاگای لاکانی[5]، مەیل[6]، ئۆبژە پوتیa[7] بۆشایی[8] و، دواتر پێوەندیی نێوان ئەم چەمکانە شی دەکرێنەوە. لە بەشی سەرەکیی توێژینەوەی بەردەستدا هەوڵ دەدرێ شیکاریی پێکهاتەی زەینییەتی سێ کەسایەتیی کاوە لە «لۆزان»دا، دکتۆر هێرۆ لە «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ»دا و مام عەزیز لە «عەینەک و سەمعەک»دا پێشکەش بکرێ. دوای ئەوە کاریگەریی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی زمان و بۆشایی ناسنامە و سۆزی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکان لەسەر پێکهاتەی زمان و پێوەندیی ئەم بابەتە بە زەینییەتی کەسایەتییەکانەوە لێک‌دەدرێتەوە. هەروەهاش، کارتێکەرییەکانی جڤات لە سەر سووژە و ڕەوتی پێکهاتنی زەینییەتی سووژە تاوتوێ دەکرێت. لە بەشی کۆتایی وتارەکەدا ئاکامەکان و دەستکەوتەکانی توێژینەوەکە دەخرێنە بەردەست و کارتێکەریی بۆشایی لە سەر پێکهاتەی زمان دەنوێندرێتەوە.

## ۲ـ بنەمای تیۆریک

### ۲ـ۱ـ بۆچوونی دەروونشیکارانە بۆ نواندنەوەی سوبژێکتیڤیتە

ئەدەب لەو ڕووەوە کە بابەتێکی دەرهەستە، بەردەوام پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زەیندا هەیە. شێفردسێن لەم بارەوە دەنووسێت: «هەر چەشنە شرۆڤەیەکی ئەدەب و فەرهەنگ وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن لە بنبەستی دۆخە گشتییەکان و هەروەها بەرهەمگەلی شیکارانەی مێژوویی‌ـ‌کۆمەڵایەتی و ئەو بۆچوونانەش کە بە دوای دەستنیشان‌کردنی تاکایەتیی خۆیانەوەن، گۆڕدراون بۆ دەروونشیکاری» (Shepherdson, 2000: 6). بە هۆی بەستێنی بەربڵاوی بۆچوونی دەروونشیکارانەوە، دەتوانین بڵێین ڕەخنەی نوێی ئەدەبی بە دیاریکراوی لە ژێر کارتێکەریی ئەم ڕوانینەدایە. شێفردسێن دەڵێت: «دەروونشیکاری وەکوو گشتێتی و هاماوێک، تیۆرییەک لەبارەی هاوبەشیی تایبەت لە نێوان بوونەوەرێکی زیندوو و زماندایە ـ کە دەکەوێتە ئاقاری ژیان و دالەوە» (5). پێوەندیی نێوان دەروونشیکاری و ڕەخنەی ئەدەبی حاشاهەڵنەگرە، لەبەر ئەوەی کە «هەردووکیان یەکێ لە گەورەترین پرسیارە گشتییەکانی مرۆڤ دەهێننە ئاراوە: ئەمن کێم؟» (Wolfreys, 2003: 98). کەواتە، دەکرێ لەم بۆچوونە بە مەبەستی شوێن‌هەڵگرتنی سەرچاوەی ناسنامەی سووژە و هۆکارگەلێک وەک «چۆن من بووم بەوە» و «چی لە بەرامبەردا دەبێ بدەم؟» کەڵک وەربگرین. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەتوانێت ئاڵۆزییە بابەتییەکانی دەقێکی ئەدەبیمان تا ڕادەیەک بۆ چارەسەر بکات. دەروونشیکاری بە دەستپێکردنی گۆڕانی ناسنامەی خۆی و بوون بە تیۆرییەکی گشتگیر، لە ئاقاری سووژە و سوبژێکتیڤیتە دەکۆڵێتەوە کە تێیدا فەرهەنگی تاک و جەماوەر و سروشتی خەڵک، تاقە خاڵی سەرچاوە نین. بەم پێیەش، دەروونشیکاری وەکوو بۆچوونێک بە مەبەستی توێژینەوەی وردتری بوارەکان و بەشەکانی تر و شرۆڤەکردنیان لە قەڵەم دراوە.

بۆچوونی دەروونشیکارانە، لە پێگەی ڕێبازێکی ڕەخنەییدا بۆ لێکدانەوەی ئەدەب، کەڵک لە کۆمەڵێ بیرۆکە و زاراوەی دەروونشیکارانە وەردەگرێت. دەروونشیکاری بۆخۆی ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونی و زەینییەکان و سەرنج دەداتە تاوتوێ‌کردنی پێوەندیی دوولایەنەی نێوان هێزە خودئاگا و ناخودئاگاکان. ئەم ئەرکە بە پێی تیۆرییە تایبەتەکانی زەین، ڕەمەک، کردەی سێکسی و مەیل سەردەگرێ. ئەم تیۆرییانە سەرەتا بە پتەوی لە لایەن زیگمۆند فرۆیدەوە پێشکەش کراون، بەڵام لەبارەی سنووردار‌بوونی بایەخی چارەسەریی ئەم ڕێکارانە،گەلێک بیروڕای لێکدژ لە ئارادایە.

---

[5] Lacanian unconscious.
[6] Desire.
[7] Object peti a.
[8] Lack.

www.SID.ir

Archive of SID

سەرەڕای ئەمەش، فرۆید وەکوو هێزێکی فەرهەنگیی گرنگ بەردەوام هەر دەمێنێتەوە و کارتێکەریی ئەو لە سەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئێمە لەبارەی خۆمانەوە حاشاهەڵنەگرە.

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، سەرچاوەی بنەمایی زەینییەتی مرۆڤ، ناهۆشیاری یان ناخودئاگایە. لە سەر ئەم بنەمایە، هەموو کردەوە و هەڵسوکەوتێکی تاک بە ناخودئاگاوە بەستراوەتەوە (Easthope, 1999: 13). بە ڕەچاوکردنی وەها تێڕوانینێک، فرۆید بەهێزترین و بزۆزترین بەشی زەینیی هەر تاکێک بە ناخودئاگا دەزانێت. فرۆید پێی لە سەر ئەو خاڵە دادەگرت کە ئەم بنەمایە «لە ڕەوتێکی تەکووزمەند، لۆژیکی و یەکپارچە پێڕەوی ناکات» (حسینی و سجادی، ۱۳۹۷: ٤٦). هەر ئەم ناتەکووزمەندییە وێناکراوە بوو کە قەناعەتی بە فرۆید هێنا ناخودئاگا لێوڕێژ لە شڵەژاوی و ئالنگاری بزانێت.

پاش فرۆید، لاکان هەوڵی دا پێکهاتەیەکی نوێ بۆ ناخودئاگا پێناسە بکات. لاکان بە پێناسە فرۆیدییەکاندا ڕۆیشتەوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵێ تێڕوانینی جیاوازی پێشکەش کرد. هەر وەک ئیستهۆپ ئاماژەی بۆ کردووە: «تێگەیشتنی فرۆید بۆ ناخی ناخودئاگا، لە بنەمادا شیکارییەکی واتاتەوەرە و بە هۆی کارتێکەریی زمانناسیی هاوچەرخەوە و بەتایبەت سوسوور و یاکوبسن، لاکان لە پێداچوونەوە بە ناخودئاگادا پێڕەویی لە فرۆید دەکرد» (Easthope, 1999: 40). لاکان بە کەڵکوەرگرتن لە بیردۆزیی ناسراوی پێکهاتەیی‌خوازی کە بەو پێیە نیشانە، یەکسانە بە دال و مەدلوول، هەوڵی دا ئەرک و بنجی ناخودئاگا سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە. پاشان بە ڕەچاوکردنی ئەم بنەواشانە دەستی کرد بە دووبارە خوێندنەوەی چەمک و زاراوە فرۆیدییەکان.

خراپ‌تێگەیشتنی ڕوانگەکانی فرۆید بووە هۆی ئەوەی لایەنگرانی وەک میکانیزمێکی ژیوەری لەگەڵ ناخودئاگادا هەڵسوکەوت بکەن. یەکەم هەوڵی فرۆید، هەڵوەشاندنەوەی ڕوانگە داشکێنەرانەکانی لایەنگرانی بوو کە ناخودئاگایان بە کۆمەڵێک لە ڕەمەکە سرووشتییەکان لە قەڵەم دەدا. لاکان ناخودئاگای بە هۆکارێکی گرنگی پرۆسەی بەسووژەبوونی تاک دەزانی و پێی وابوو کە «ناخودئاگا نەک لە سەرەتاوە بوونی بووە و نەک ڕەمەکیشە» (Lacan, 2006: 170). ئەو ئاماژە بۆ ڕەوتی قۆناغ بە قۆناغی پێکهاتنی ناخودئاگا لە زەینی سووژەدا دەکات. ڕوانگەی پێکهاتەیی لاکان، پێناسەی جۆراوجۆری لە سەر ناخودئاگا بە گوێرەی ئەرکەکەی بە دواوە بوو. لاکان لە پێناوی سەلماندنی بیروبۆچوونی خۆی لە ڕێگای دووبارە پێناسەکردنی ناخودئاگادا، لە چوار بەشی زمان، گوتار، بیرگە و زانیاری کەڵکی وەرگرت کە لە درێژەدا تاوتوێ دەکرێن.

### ٢ـ٢ـ پێناسەی لاکانی بۆ ناخودئاگا

لاکان زمان، گوتار،[٩] بیرگە[١٠] و زانیاری[١١] بە چوار هێمانەی سەرەکی لە نواندنەوەی ناخودئاگا دەزانێت و لەم ئاراستەیەدا بە کەڵکوەرگرتن لەو چوار هێمانەیە دەستی کرد بە دووبارە پێناسەکردنی ناخودئاگا. لە ڕوانگەی لاکانـەوە، زمان پڕڕەنگترین لایەنی ناخودئاگا پێک‌ئەهێنێ. نواندنەوەی لاکان لە ناخودئاگا لە سەر بنەمای پێکهاتەی زمان، جووڵەیەکی بە دواوە بوو کە تێیدا بیرمەندان و توێژەران دەستیان کرد بە خوێندنەوەی بیروبۆچوونەکانی ئەو لە گوتاری زمانناسانەدا. لاکان لە یەکێک لە سێمینارەکانیدا دەڵێت: «ناخودئاگا وەک زمان پێکهاتەمەندە» (1993: 167). ئەم وتەیە هاوکات هەر دوو لای دراوێک دەردەخات. هاوشێوەی پرۆسەی فێربوونی زمان، پێکهاتنی ناخودئاگا ڕەوتێکە گرێدراوی کات. لاکان ڕای وایە کە بە هەمان چەشن کە فێربوونی زمان لە ڕۆژێکی تایبەتدا دەست پێدەکات و لە ڕۆژێکی تایبەتدا کۆتایی دێت، پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتە لە درێژەی قۆناغێک لە ژیانی تاکیدا ڕوو دەدات.

---

[9] Discourse.
[10] Memory.
[11] Information.

www.SID.ir

Archive of SID

لاکان زمانی دایکی[١٢] و یاسای ناوی باوک[١٣] وەک دوو هۆکاری کارتێکەر لە ڕەوتی پێکهاتنی ناخودئاگای سووژە دەزانێت و ناسنامەی سووژە بە گوێرەی ئەوان لێکدەداتەوە. هەر لێرەوە یەکەم پێوەندیی کۆمەڵایەتیی منداڵ لەگەڵ دایکیدا ڕوودەدات. زمانی دایکی و پێکهاتەی ناخودئاگا کە ئاماژەی پێکرا، بە مەبەستی پرۆسەی پێکهاتنی ناسنامەی منداڵ پێکدەهێنرێت. لە لایەکی ترەوە، یاسای ناوی باوک لە ڕێگەی پێکهاتەی زمانەوە، پێکهاتەیەک بۆ سوبژێکتیڤیتەی منداڵ دابین دەکات. باوکان بە ڕەچاوکردنی یاسا جیاجیاکانی کۆمەڵگا، یاسا سەرەتاییەکانی ژیان و خێزان بە مەبەستی ئامادەکردنی منداڵان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و تەبایی لەگەڵ قۆناغە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیان، فێری ئەوان دەکەن.

شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی لاکان لەگەڵ گوتار لە شێوەی پێناسەی ئەو بۆ ناخودئاگا ئەچێ. لاکان لە کتێبی *نووسراوەکان*[١٤]دا (١٩٩٦) پێداگری لە سەر ئەوە دەکات کە «ناخودئاگا، گوتاری ئەویدییە [ئەویدیی گەورە]» (2006: 16). وتەکانی لاکان یارمەتیی زیاترمان دەدەن بۆ تێگەیشتنی شێوەی سازبوونی ئەویدی لە زەینییەتدا و هەوڵ دەدەن ئامادەبوونی ئەویدی لە پێکهاتەی ناخودئاگای سووژەدا دەستنیشان بکەن. لاکان لە سەر ئۆبژە پوتی a وەکوو بەرهەمی ئەویدی پێداگری دەکات و پێی وایە ئەگەرچی هەستی تاک لە چاو ئەویدی درۆییە، بەڵام بەردەوام سووژە ڕەچاوی ئەویدی دەکات ( :1987 83-85). لە تیۆرییەکەی لاکاندا، ناخودئاگا بە ڕەوتی زمانییەوە بەستراوەتەوە و ئەم ڕەوتە هەر تەنیا بە هۆی ئامادەبوونی خێزان یا کۆمەڵگاوە پێکدێت. بە واتایەکی تر، ناخودئاگا بۆ ئەوەی پێکبێت، پێویستی بە گوتاری ئەویدی هەیە.

لە ڕوانگەی بەراوردکارانەوە، لاکان و فرۆید بڕوایان بە گەڕانەوەی حاشاهەڵنەگری ئاژۆکەکان[١٥] هەیە. فرۆید لە هەوڵێکی کرداریدا بە مەبەستی لێکدانەوە و شیکاریی ناخی ناخودئاگا لە ڕێگەی خەونەکانەوە هەنگاوی هەڵێنا. فرۆید ڕێکارێکی پێناسە کرد تا گەڕانەوەی شاراوەی ئاژۆکە سەرکوتکراوەکان بۆ ئەزموونە هۆشیارانەکان تاوتوێ بکات. بە پێی وتەکانی فرۆید، ئاژۆکە سەرکوتکراوەکان وەک بەدیهێنەری سەرەکیی ناخودئاگا، خۆیان لە نێو خەو و خەوندا دەردەخەن. بەڵام لاکان بیرگە بە شوێنێک بۆ نواندنەوەی ئاژۆکە سەرکوتکراوەکان لە ناخودئاگای سووژەدا دەزانێت. لاکان لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە «ئێمە فێری سووژە دەکەین کە ناخودئاگا مێژووی ئەوە» (53 :2006). بۆ ڕاڤەکردنی ئەم وتەیە، دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکرێت کە مێژوو لە سەر کۆڵەکەی بیرگە ڕاوەستاوە. هەروەها ئەویدی جەمسەرێکی کارتێکەرە و لە بیرگەی سووژە جیا ناکرێتەوە. کەواتە، بیرگەی سووژە بەردەوام پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەویدیدا هەیە.

## ٢ــ٣ــ ڕەوتی بەسووژەبوون لە ڕوانگەی لاکانەوە

لاکان، وەک بیرمەندێکی پێکهاتەییخواز، بە پێچەوانەی فرۆید، بە شێوەیەکی پۆلێنکراو و پێکهاتەمەند لە سووژە دەکۆڵێتەوە. سووژە لە نێو زمان و بە هۆی زمانەوە دروست دەبێت. لاکان بە کەڵکوەرگرتن لە پێناسەی پێکهاتەیی زمان، پەرەی بە پێکهاتەی سووژەبوونی تاکەکان داوە. ئەو پرۆسەی سووژەبوونی لە سێ بابەتی سەرەکی کە هەر کام نواندنەوەی دۆخێکی دەروونناسانەی تایبەتن، پۆلێنبەندی کردووە. ئەو مەودا زەینییەکانی هەر تاکێکی لە ئاراستەی بوون بە سووژەدا تاوتوێ دەکرد و دەوری هۆکارە کارتێکەرەکانی لە هەر مەودایەکدا دەستنیشان دەکرد.

[12] Mother Language.
[13] The Name of the father.
[14] *Écrits*.
[15] Drive.

www.SID.ir

Archive of SID

لاکان بە ئاماژەکردن بۆ سێ دەڤەری زەینی، کە بریتین لە بابەتی خەیاڵی و بابەتی هێمایین و بابەتی واقیعی، هەوڵی دا لە واقیعی سووژە بگات. بابەتی خەیاڵی لە بۆچوونی دەروونشیکارانەی لاکانییەوە بە وەهم، بەهەڵەتێگەیشتن و دروستکردنی فانتێزی پێناسە دەکرێ. لەم دەڤەرەدا، «منداڵێکی پێشزمانی و پێشئۆدیپی کە خاوەنی زەینییەتی بێشێوە و بێچوارچێوە و پارچەپارچەشە، ناتوانێ هێچ جۆرە وێنەیەک لە خۆی بەدەست بێنێت» (Lane, 2006: 193). ئەم دەڤەرە لەگەڵ چوونە ناو قۆناغی ئاوێنەییەوە کە منداڵ خۆی بە شێوەی یەکەیەکی یەکپارچە و جیا لە دایک و خۆبەڕێوەبەر دەبینێت، کۆتایی پێدێت. لەم قۆناغەدا، وەک قۆناغێکی خۆپەسنکەرانە، «خودی ئارمانی» و «ئارمانی-خود» دەردەکەوێت (Maleki and Sadjadi, 2018: 136). کاتێ کە منداڵ دەست دەکات بە دیاری کردنی جەستەی خۆی وەک یەکەیەکی جیا لە جیهان و دایکی، هەستی نامۆیی لە زەینیدا گەشە دەکات. کەواتە، هەستی نەبوون و بۆشایی بە بەدینەهاتنی خواست لە سووژەدا بەدی دێت.

لێرەدا پێویستە قامک لە سەر بابەتی هێمایین دابنێین کە کاریگەرترین قۆناغی ڕەوتی پێکهاتنی ناسنامەیە. منداڵ لەم دەڤەرەدا بۆ جاری یەکەم لە کۆمەڵگادا، یاسای ناوی باوک و زمان دەناسێت. منداڵ بە مەبەستی بوون بە سووژەیەکی قسەکەر، لە دایک جیا دەبێتەوە و دەچێتە نێو قەڵەمڕەوی باوکەوە. ڕەخنەگرێکی وەک ڕیچارد لەین دەستپێکردنی بابەتی هێمایین بە «کاتی جێگۆڕکێی مەیل بە دایک بۆ یاسای باوک» دەزانێت (Lane, 2006: 195). بە بەراورد لەگەڵ بابەتی خەیاڵی کە لە وێنەکان و نیشانە وێنەییەکان ورد دەبێتەوە، لە بابەتی هێماییندا گرنگایەتیی زمان دەردەکەوێ. بابەتی هێمایین دامەزراوەکان، دابونەریت، یاسا، جلوبەرگ، ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و هەر شتێکی تر دەگرێتەوە کە سووژە بە زمانەوە پێوەندی دەدات.

## ٢ــ ٤ــ هۆکارە کارتێکەرەکان لە ڕەوتی بەسووژەبووندا

لاکان لە کۆوشە و زاراوەگەلێک وەک مەیل، ئۆبژە پوتی a، یاسای ناوی باوک و بۆشایی بە مەبەستی پەرەپێدانی زۆرتری ڕەوتی پێکهاتنی سوبژێکتیڤیتە لە ناسنامەی مرۆڤدا کەڵک وەردەگرێت. مەیل لە توێژینەوەی دەروونشیکارانەدا و بە تایبەت لە بیروبۆچوونی لاکاندا زاراوەیەکی ناوەندی و سەرەکییە. لاکان لە سەر مەیلی ناخودئاگا ورد دەبێتەوە و پێی وایە هیچ چارەیەک بێجگە لە دەربڕینی زمانی بۆ تێگەیشتن لە ئارادا نییە. بەم پێیە، مەیل بە پێچەوانەی پێویستی-یەوە، بە شێوەی تەواو دەرنابڕدرێت. مەیل، خواستێکی ناخودئاگایە کە قەت دابین ناکرێت و تەنیا بۆ مەیلێکی سەرتر دەگۆڕێت. لاکان پێی وایە کە «مەیل نە قایلبوونە و نە ئەوینە، بەڵکوو تەنیا ئاکامێکە لە جیاوازیی نێوان مەیلی بەرایی و مەیلی دووەم بەرهەم دێت» (1993: 287). لێرەدا داخوازییەک دەمێنێتەوە کە ناوی مەیلە. مەیل پێوەندیی بە چشتەوە نییە و بەڵکوو پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بۆشاییدا هەیە.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی مەیل، ئۆبژە پوتی a-یە کە مەرج نییە چشتێکی دەستنیشانکراو و شیاوی هەستکردن بێت؛ بەڵکوو بەردەوام لە زەینی سووژەدایە و هۆکاری سەرەکیی مەیلی سووژەیە. شان هۆمێر[16] تیشک دەخاتە سەر ئەو خاڵە کە «مەیل بۆ ئەویدی هەموو کاتێک لەوپەڕی سووژەدایە و سووژە تێدەپەڕێنێت؛ کەواتە شتێک لە سووژەدا دەمێنێتەوە کە سووژە دەتوانێت بە دەستی بخات و لە ئاکامدا وەک سووژەیەکی خاوەنی مەیل بیپارێزێت» (2015: 102). ئەو پاشماوە دوورەدەستە، هەمان ئوبژە پوتی a یا چشتی دڵخوازە. ئۆبژە پوتی a بزوێنەری هەموو مەیلەکانی سووژەیە کە زاتێکی بگۆڕ و ناجێگیری هەیە و بەردەوام لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر لە جووڵەدایە.

[16] Sean Homer.

www.SID.ir

Archive of SID

خاڵی جیاوازی بابەتی ناخودئاگا و مەیل و ئەویدی، ڕەگی لەو بابەتە گرنگەدایە کە هەر هەموویان لە سەر «بۆشایی» ڕاوەستاون. لاکان دەرکەوتنی بۆشایی لە ناخودئاگادا وەک «قەڵشتێکی پێشبووناسانە» دەزانێت (Sadjadi, 2010: 102). ئەو لە سەر ئەم باوەڕەیە کە ناخودئاگای سووژە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویدیی گەورەدا، بۆشایی بە شێوەی تەواو دەردەخات. ئەویدی، بۆشاییەکە لە ناخودئاگادا کە سووژە ناتوانێت بە شێوەی تەواو پڕی بکاتەوە. هەر ئەم بۆشاییەیە کە سیما و خەسڵەتێکی دوور لە دەست دەبەخشێتە ئەویدی، مەیل و تەنانەت ئۆبژە پوتی a.

### ۳ـ دەرکەوتنی بۆشایی لە سێ کورتەچیرۆکی کوردیدا

### ۳ـ۱ـ بۆشایی ناسنامە لە «لۆزان»دا

### ۳ـ۱ـ۱ـ کورتەی چیرۆکەکە

کاوە لاوێکی کوردە کە بە مەبەستی خوێندن چووە بۆ فەرانسە و لەوێ لەگەڵ کچێکی سوویسی بە ناوی لۆزان ئاشنا دەبێت و پێوەندییەکی سۆزمەندانە لە نێوانیاندا دروست دەبێت. کاوە لە دانیشتنە دووکەسییەکانیاندا دەست دەکات بە گەڕاندنەوەی ئازار و زامە مێژووییەکانی گەلەکەی بۆ ئەم کچە و هەموو دانیشتنەکان بەو شێوەیە بەڕێ دەکات. لەبەر ئەوەی ناوی کچەکە «لۆزان»ـە، بەردەوام پەیمانی لۆزانی بۆ وە بیر دەخاتەوە کە بەو پێیە کوردستان بوو بە چوار پارچەوە. لە کۆتاییدا کچەکە لەبەر بەردەوامیی ئەم باسانە و دۆخی زەینیی هەستیاری کاوە، ئەگەرچی زۆریشی خۆش دەوێ، لێی جیا دەبێتەوە. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کاوە لە سەر شەقام لە بەر خانووەکەدا کەوتووە و لۆزان و دۆستە تازەکەی دەیبینن کە سەگ دەورەی داوە و دەیبەنە ماڵەوە و لە سەر قەرەوێڵەکە ڕای‌دەخەن. لەم ساتەدا نێو ژوورەکە بە شێوەیەکی نائاسایی پڕ دەبێ لە خوێن و ئەندامەکانی کاوە لێک جیا دەبنەوە.

### ۳ـ۱ـ۲ـ ناخودئاگای شێواو بەڵام پێکهاتەمەندی کاوە

چیرۆکەکە بە ڕستەیەکی وەسفییەوە دەست پێدەکات کە باسی ڕوومەتی کچەکە، لۆزان، دەکات و بە گشتی لایەنێک لە ئەوینێکی ئێرۆتیک پیشان دەدات. بۆیە لەوانەیە لە نیگای یەکەمدا زۆر کەس وای لێک‌بدەنەوە کە ناخودئاگای کاوە بە گوێرەی پێناسە فرۆیدییەکەی لە سەر بنەمای Id دامەزراوە و بە تەژی لە تەنگەژە و ئالنگاری لە قەڵەمی بدەن. لە یەکەم وەسفی نووسەریشدا پێداگری لە سەر ڕەهەندی ئێرۆتیکی شوێن-کاتی چیرۆکەکە کراوە. لە وەسفی جووڵەکانی کاوەدا هەمان هەست دیسانەوە دەردەکەوێتەوە. بەڵام دەکرێ ئەوەش پیشان بدەین کە ناخودئاگای کاوە گەرچی لە ڕواڵەتدا پارچەپارچە و لێکدابڕاوە، بەڵام لە ڕاستیدا پێکهاتەمەندیشە.

یەکەم وشەکانی کاوە لەم کورتەچیرۆکەدا بۆ وێنەی سەیر و نائاسایی لۆزان لە پشتی پێکەکەوە دەگەڕێتەوە. کاوە دەڵێت: «لە پشت ئەم پێکەوە سەر و سیمات سەیر دەنوێنێت» (حەسەن، ۲۰۰۱: ٤٠). پێک لێرەدا هێمای مەودایەکە لە نێوان کاوە و واقیعدا و بووەتە هۆی تێکچوونی تێگەیشتنی کاوە لە حەقیقەت. بە سەرنجدان بەوەی کە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا نووسراوە، بەردەنگ ئاگادارە کە لۆزان ڕوومەتێکی جوانی هەیە و لەبەردڵانە. بەم پێیە، بە سەرنجدان بە بۆچوونە نیشانەناسانەکان دەکرێ بۆ لۆزان وەک نواندنەوەیەک لە واقیع بڕوانین. کەواتە، پێک کە کاوە لە واقیع دوور دەخاتەوە، نواندنەوەیەکە بۆ زمان کە سووژە لە واقیع دوور دەخاتەوە. کاوە وەک سووژەیەکی زمانی لە بابەتی هێماییندا گرفتار بووە و چەقیوە، بەڵام کامەیە ئەو بابەتە هێماییینەی دەوری کاوەی داوە؟

www.SID.ir

Archive of SID

له وەڵامی پرسیاری لۆزاندا کە باسی هۆکاری تێکچوونی دەکات، کاوە وەڵام دەداتەوە: «ئا ... کەچی هەر جوانە ...» (٤٠). لەم وەڵامەدا دوو خاڵی بنەمایی شاردراوەتەوە کە ئاماژەن بۆ ناخودئاگای پڕ لە ململانێی کاوە. خاڵی یەکەم ئەمەیە کە سەرەڕای ئاگاداربوونی کاوە لە سەرسووڕهێنەربوونی ڕوومەتی لۆزان لە پشتی پێکەکەوە، بە جوانی دەزانێت. ئەمە بەم واتایەیە کە ئەگەرچی کاوە ئاگاداری حەقیقەتە، بەردەوام لە ڕێگەی زمانەوە مەیلی خۆی پیشانی لۆزان دەدات. خاڵی دووەم ئەوەیە کە وێنەی تێکچووی لۆزان، دەتوانێت یەکەم نواندنەوەی پەیماننامەی لۆزان لە چیرۆکەکەدا بێت. بە سەرنجدان بەوەی کە وێنەی لۆزان لە پشتی پێکەکەوە مات و تێکچووە، دەکرێ بڵێین کە لە بابەتی هێماییندا پەیماننامەی لۆزانیش لە ناخودئاگای کاوەدا بابەتێکی شێواوە و مۆرکێکی لێڵ و چارەنەبووی هەیە.

### ٣ـ١ـ٣ـ ئۆبژە پوتی a: بۆشایی لە ناسنامەی کاوەدا

لۆزان لە وەڵامی دەربڕینی هەستی کاوەدا دەڵێت: «لە بیرمە جارێکیان، هەر لێرە بووین، تۆ وتت: من ئەوەندە هیلاک و ماندووم کە ئیتر تام لە جوانی نەکەم ...» (٤٠). ئەم ماندوویێتی و هیلاکییە دەتوانێت لەبەر گۆڕان لە ئۆبژە پوتی a-کانی ناخودئاگای کاوە بێت. کاوە وەک سووژە، بەردەوام ئەو ئۆبژە پوتی a ـگەلە ڕەچاو دەکات کە بتوانێت مەیلی شاراوە لە نێو خۆیدا دابین بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی کە کاوە بە بوونی بۆشایی لە ناخودئاگای خۆیدا ئاگادار نییە، پێی وایە کە دەتوانێت کەم و زۆر بە دابین کردنی مەیلەکانی خۆی لە باری دەروونییەوە جێگیر ببێت. لەم ئاراستەیەدا کەسایەتیی لۆزان و شاری پاریس وەک ئەویدی، کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕەوتی بەسووژەبوونی کاوەدا هەیە. ئەو کە خۆی بە تاکێکی کوردی وڵاتپارێز دەزانێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا لە وڵات و ڕەسەنایەتیی خۆی دوور بووەتەوە، بەردەوام ئاماژە بۆ کوردستان و فەرهەنگی کوردی دەکات. ئەم بابەتە بۆخۆی هۆکارێکە بۆ گەورەتر بوونی قەڵشتی پێشبووناسانەی ناو ناخودئاگای کاوە.

کاوە لە درێژەدا دەڵێت: «ئێمەمانان ناتوانین تام لە هیچ جوانییەک بکەین گەر بە خەم و خەفەتەوە لوول نەدرابێ، تۆ کوردان باش ناناسیت ...» (٤٠). ئەم وتەیە پیشاندەری بۆشایی نێو ناخودئاگای کەسی و کۆیی کوردانە. ئەگەرچی کاوە هۆکاری ئەم خەمە بەردەوامە بە دۆخی ژیانی کورد دەزانێت، بەڵام ئەم خەمە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەرئەنجامی بۆشاییە سەبارەت بە دابەشبوون لە ناسنامەی سووژەی کورددا. هەروەها کە لە چیرۆکەکەدا دووپات دەبێتەوە، سووژەی کورد هیچ کاتێک نەیتوانیوە وڵاتی خۆی بە شێوەی یەکپارچە ببینێت. وڵات وەک هێمایەک لە دایک، بەردەوام دەورێکی گرنگی لە ڕەوتی بەسووژەبوونی تاکدا گێڕاوە. سووژەی کورد بەردەوام لەبەر نەبوونی یەکێتی لەگەڵ وڵاتدا و بە هۆی تێکچوونی پێوەندی و ئەمئەویێتی لەگەڵ دایکی زەینیدا هەردەم نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەندروست بۆ دەڤەری زەینیی خەیاڵی بپەڕێتەوە و بۆیەش لە بابەتی خەیاڵیدا تووشی تەنگەژەیە.

سووژەی کورد، وەک سووژەی پەروەردەکراوی هەموو جڤاتێکی نەریتەوان، بابەتی خەیاڵیی بەتەواوی بە شێوەی ئاسایی تێنەپەڕاندووە. بۆیە بۆشایی لە ناسنامەی سووژەی کورددا لەم ڕووەوە زۆرتر لە سووژەکانی تر وەبەرچاو دەکەوێت. بە هەمان شێوە کە لە چیرۆکەکەدا ئاشکرایە، کاوە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی زمان و ئەدەب و چیرۆکەوە لە بابەتی خەیاڵی تێپەڕێت. ئەو خۆی وەکوو زوربا و فلۆبێر وێنا دەکات. ئەو ڕێگەیەی کە کاوە بۆ تێپەڕین لە بابەتی خەیاڵی وەک ئۆبژە پوتی a هەڵیبژاردووە، گرێدراوی زمانە و ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە قۆناغی ئاوێنەیی لە گۆڕێدا نییە. ڕێگەچارەکە تەنیا لە قۆناغی هێماییندا دەردەکەوێت. لە ئاکامدا بۆشایی ناسنامەی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی ئەزموونی بابەتی خەیاڵی، بەردەوام بە هەمان چەشن دەمێنێتەوە. بێجگە لەو بۆشاییەی کە لە زەینی سووژەدا دروست بووە، دەتوانین ئاماژە بۆ بەستێنی پێکهاتنی ئەم بۆشاییە بکەین کە لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. نەبوونی وڵاتێکی یەکپارچە و کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ،

www.SID.ir

Archive of SID

هەست بە پارچەپارچە بوون و ژێردەستەیی و بێدەسەڵاتی، بووەتە هۆی پێکهاتنی بۆشاییەکی سیاسی کە بەردەوام لە کۆمەڵگادا دەنوێندرێتەوە و کارتێکەریی ئەم بابەتە لە سەر زەینییەتی کەسیی سووژەی کورد و زەینییەتی کۆیی جڤاتی کوردی، پێکهاتنی بۆشایی ناوبراوی لێ کەوتۆتەوە. سوبژێکتیڤیتەی کاوە لە سەر ئەم بۆشاییە دامەزراوە. پارچەپارچەبوون بووەتە هۆی فۆرمگرتنی خودێکی پارچەپارچە و لێکدابڕاو کە لە ناخوداگایدا ئەم بۆشاییە دەنوێندرێتەوە و سووژە بەردەوام لە ڕێگەی زمانەوە ئەو بۆشاییە دەگوازێتەوە.

### ٣ـ٢ـ بۆشایی سۆز و ئەوین لە «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ»دا

### ٣ـ٢ـ١ـ کورتەی چیرۆکەکە

خانمە دکتۆرێک بە ناوی هێرۆ لە نێو ژوورەکەیدا بەردەوام لە نێو فانتێزیدایە. دکتۆر هێرۆ ڕوومەت و سەر و ڕووی خۆی بە دڵ نییە و بەردەوام لە چیرۆکەکەدا ئەم بابەتە لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە و لە بەر ئاوێنە و لە تەنیاییدا دووبارە دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی تەمەنی چۆتە سەرێ و هێشتا بە تەنیا دەژیت، تێپەڕبوونی کات ئازاری دەدات. د. هێرۆ شارەزا و پسپۆڕی بواری توانستی قسەکردنی مرۆڤە. کە کوڕێکی لاو بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی قسەکردن بۆ ژوورەکەی دەهێنن، کوڕەکە سەرنجی ڕادەکێشێت و پەیتا پەیتا لە کاتی ڕاهێناندا و لە ڕستەکاندا ئاماژە بەو بابەتانە دەکات و بە زمان دەری دەبڕێت.

### ٣ـ٢ـ٢ـ خودی ئارمانیی دکتۆر هێرۆ

لەم چیرۆکەدا، بە پێچەوانەی چیرۆکی پێشوو کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ سووژەی کورد دەڕوانێت، هەوڵ دراوە ناخودئاگای سووژەی تاکەکەس بنوێندرێتەوە. لەم ڕووەوە، ئەو بۆشاییەی لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێ جیاوازە لە بۆشایی ناسنامەی کۆیی کە لە بەشی پێشدا تاوتوێ کرا. لێرەدا بۆشایی لە چەشنی تاکەکەسی و سۆزدارانەیە. دکتۆر هێرۆ کە هێمای ژنێکی سەرکەوتوو و سەربەخۆیە بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خوێنەر کە بە کەسێکی تەواو سەربەرز و سەرکەوتوو چاوی لێ دەکات، بە دەستی بۆشاییەکی گەورەوە دەناڵێنێ. دکتۆر هێرۆ قۆناغەکانی سازبوونی سوبژێکتیڤیتەی بە ئاسایی و دروستی تێپەڕاندووە. لایەنی سۆزدارانەی ژیانی دکتۆر هێرۆ، بە کەموکوورییەکانەوە، چ لە ژیانی تاکەکەسی و چ لە نەریتدا، بۆتە هۆی کاراتربوونی خودی ئارمانی لە سوبژێکتیڤیتەی ئەودا.

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا بەردەنگ بە بیستنی ڕستەی «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ» (نەهایی، ٢٠٠٦: ١٠٩) پێی وایە کەسایەتی لە توانستی دەربڕیندا تووشی کێشە هاتووە و ئەم کێشەیە دەتوانێت نیشانەیەک بۆ نەبوونی ئەرکی دروستی بابەتی هێماییین بێت. سەرەڕای ئەوە پاش قسەکردن لەگەڵ بەردەستەکەیدا دەردەکەوێت کە وەها شتێک دروست نییە. دوای چوونە دەرەوەی بەردەستەکە، کەشی چیرۆکەکە دەگۆڕێت بۆ کەشێکی لێڵ و خەونئاسا. لەم مەودایەدا بەردەنگ لەگەڵ زەینیترین لایەنی ناسنامەی دکتۆر هێرۆ ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە هەمان خودی ئارمانییە. بۆ نموونە، ڕووبەڕووبوونەوەی دکتۆر هێرۆ لەگەڵ خۆیدا لە نێو ئاوێنەدا (١١٠)، دەمانخاتەوە بیر نواندنەوەی قۆناغی ئاوێنەیی لای لاکان و دەکرێت یەکەم نیشانە بۆ تاوتوێ کردنی زەینییەتی سووژە بێت.

دکتۆر هێرۆ، وەک هەر تاکێکی تر، پاش تێپەڕاندنی قۆناغی ئاوێنەیی دەچێتە نێو دەڤەری هێماییینەوە. بۆیەش ئەوەی وەک بیرەوەری لە سەردەمی زانکۆدا وە بیری دێنێتەوە و لە چوارچێوەی وشەدا دەری دەبڕێت، نواندنەوەی بۆشایی زەینییەتی دکتۆر هێرۆیە بە سەرنجدان بە ئەرکی بیرگەیی ناخودئاگا. دکتۆر هێرۆ وەک هەموو سووژەکانی تر لە ڕەوتی سووژەبووندا

www.SID.ir

Archive of SID

بەردەوام بە شێوەی ناخودئاگا لەگەڵ مەیل، ئۆبژە پوتی a و بۆشایی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەو گەرچی بە ڕواڵەت ژنێکی ئاسایی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە کار و پیشەکەیدا ماوە بە ماوە بۆشایی ناوبراو کە پێوەندیی بە لایەنی ئەویندارانەی ژیانی تاکەکەسییەوە هەیە، دەردەکەوێ. ناسنامەی دکتۆر هێرۆ گەرچی بەندە بە ناخودئاگای پێکهاتەمەندیەوە بەڵام بۆشاییی ئاماژەبۆکراو، هەر کە خودی عەقڵانی دادەمرکێ خێرا سەرهەڵدەدات. ئەمەش دژبەریی نێوان خودی عەقڵانی و خودی ئارمانی لە سوبژێکتیڤیتەی دکتۆر هێرۆدا دەردەخات.

### ٣ــ٢ــ٣ــ مەیل بۆ دڵدار: بۆشایی سۆزدارانەی دکتۆر هێرۆ

ئەگەر ئۆبژە پوتی aی کەسایەتی بە مەیل بۆ پەسەندبوون بزانین، بێگومان نابێ لە بیری بکەین کە وەرگرتن، لە ناخی خۆیدا بەسەر چەندین جۆری جۆراوجۆردا دابەش دەکرێت. دکتۆر هێرۆ پەسەندی کۆمەڵگایە، بەڵام لە پێوەندییە تاکییەکاندا وەکوو ژنێک، تا ئێستا داخوازی و پەسەندێکی لە لایەن نوێنەری دڵخوازی ڕەگەزی بەرامبەرەوە پێ نەگەیشتووە و گەر پێشی گەیشتووە ئێستا لە چاو ونە و ئامادە نییە. ئۆبژە پوتی a لەبەر ئەوەی کە دوورەدەستە، لە ڕێگەی مەیلەوە خۆی دەردەخات. هەر وەک لە بەشی بنەمای تیۆریکدا باس کرا، مەیل ڕەگی لە چشتی دڵخوازدایە؛ بۆیە دکتۆر هێرۆ زۆر جار داوا لە هیوا دەکات ڕستەی «من ... تۆم ... خۆش ... دەوێ» (۱۰۹ و ۱۱۰ و ١١٤)، دووبارە بکاتەوە. ئەو بۆخۆی دەزانێت کە ئەم ڕستەیە تەنیا لە بابەتی هێماییندایە و ئەم مەیلە بەردەوام بێوەڵام دەمێنێتەوە. بەڵام دووبارەبوونەوەی جۆرێکە لە چارەسەریی زەینیی بۆ د. هێرۆ بە حوکمی ئەوەی خودی ئارمانی لای ئەو بەم ڕستەیەوە مەودای دەرخستنی بۆ دەستەبەر دەکرێ.

ئۆبژە پوتی a لە شێوەی تردا وەک مەیل بۆ پێداهەڵدان و بەجوانزانین خۆی دەردەخات. بۆ نموونە، ئەو ڕستانەی خوارەوە دەرخەری ئەو خەسڵەتەن: «تۆ زیرەکی ... ئێستا بە جوانی ... قسەش دەکەیت ...»، «چاو لە من کە و بڵێ، تۆ جوانی ...» و «چاوت ... زۆر جوانە ...» (۱۱۳). هەموو ئەم ڕستە و دەستەوشانە ئاماژە بۆ مەیلێکی بێوەڵام و چارەسەرنەبوو لە ناسنامەی دکتۆر هێرۆدا دەکەن. بۆشایی وەک بنەمای سەرەکیی مەیل و چشتە دڵخوازەکان لەم بەشەدا وەبەرچاو دەکەوێت. ئەم بۆشاییە سەبارەت بە کەسایەتیی دکتۆر هێرۆ بەتەواوی بۆشاییەکی سۆزدارانەیە کە کاریگەریی لە سەر ڕەوتی بەسووژەبوونی و چۆنێتیی هەڵسوکەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا داناوە. نواندنەوەی دەرەکیی ئەم کاریگەرییە لە چیرۆکەکەدا دەتوانێت لە دوو خاڵی بەرچاودا سەرنجەکان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت. یەکەم ئەوەی کە دکتۆر هێرۆ نەخۆشەکانی تر وەرناگرێت و پێی باشترە کاتی خۆی لەگەڵ هیوادا تێپەڕێنێت، چونکە لە ڕێگەی هیواوە وەڵامێکی کەم تا زۆر ناتەواو بۆ مەیلی خۆی دەستەبەر دەکات. خاڵی دووەم ئەوەیە کە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دکتۆر هێرۆ لەگەڵ بابەتی کاتدا و هەوڵ بۆ وەستاندنی، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە هەرچی زۆرتر کاتی خۆی لەگەڵ هیوادا تێپەڕێنێت، زۆرتر ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە. دیارە ئەمانە کۆمەڵێ بڕیاری پێشوەختەن کە ناخودئاگا داویەتی و دکتۆر هێرۆ بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئەو کارانە ناکات.

لە باری کۆمەڵایەتیشەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو بۆشاییە بکەین کە سەرچاوەکەی لە ناو کۆمەڵگای نەریتیدایە و وەها بەستێنێک ئامادە نییە تا سووژە بە ئاسانی و بێ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشە بێتەوە، هەست و سۆزی خۆی دەربیڕیت، بە تایبەت گەر سووژەکە خانمێکی ناودار بێت. نەبوونی پێوەندییە تاکییەکان و سنوورداربوونی پێوەندییە سۆزدارانەکان و تا ڕادەیەکی زۆر ڕوانینی نەرێنی بۆ ئەو بابەتانە لە لایەن کۆمەڵگای نەریتەوانەوە، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم چەشنە پێوەندی و هەست و سۆزانە سەرکوت بکرێن و ڕەوتی ئاسایی خۆیان تێپەڕ نەکەن. لە کۆمەڵگای نەریتیدا، لەبەر ئەوەی لە باری فەرهەنگییەوە زۆر بابەت ڕەوتی خۆی بەتەواوی و بە دروستی نەپێواوە یان تەنانەت بەری پێ گیردراوە، سووژە لە دووڕیانێکی بێئاکامدا ڕاگیراوە. لە دۆخی ئاماژەبۆکراودا ئەو جۆرە بۆشاییانە سەرهەڵدەدەن و بە شێوەی ناخودئاگا دەردەخرێن.

www.SID.ir

Archive of SID

لەم چیرۆکەدا بۆشایی سۆزدارانە لە ناخودئاگای کەسایەتیی سەرەکیدا کەڵەکە بووە و لە ئاکامدا لە زماندا خۆی دەرخستووە. ئەمەش تا ئەو ئاستەیە کە تەنانەت ناوی چیرۆکەکەشی گرتۆتەوە.

### ٣ـ٣ـ بۆشایی زەینییەتی مۆدێرن لە «عەینەک و سەمعەک»دا

### ٣ـ٣ـ١ـ کورتەی چیرۆکەکە

دوو برا لەگەڵ خوشکێک لە بنەماڵەیەکی هەژاردا بێ دایک و باوک دەکەون و کە تۆزێ گەورە دەبن دەست دەکەن بە پیشەی ددانسازی بە شێوەی سونەتی. میرزا مارف، برای گەورەتر، لە نێو خەڵکدا بە کەسێکی تێگەیشتوو ناسراوە و پرس‌وڕای پێ‌دەکرێ. برا بچووکەکە، مام عەزیز، کە ڤەگێڕی چیرۆکەکەشە، هەر بە هەمان پیشەوە سەرقاڵە. ئەم دوو برایە زۆریان حەز لە ژنهێنانە، بە شێوەیەک کە هەردووکیان چەندین ژنیان یەک لە دوای یەک مارە کردووە. لەبەر ئەوەی تەمەنیان دەڕواتە سەرێ، گوێ و چاویان وەک پێشتر نابینێت و نابیسێت و کێشەیان بۆ دروست بووە. میرزا مارف بە پێداگریی منداڵەکانی دەڕوات بۆ لای پزیشک و عەینەکی بۆ دروست دەکەن و لە چاوی دەنێت. هەردووکیان بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی ددانکێشان دەڕۆن بۆ گوندێکی نزیک خۆیان. لەوێ میرزا مارف چاوی بە کچێک دەکەوێت کە پێی وایە هەمان کچە کە لە سەردەمی لاویدا دڵی پێوە بووە؛ بۆیە ئەو داوای لێ‌دەکات شووی پێ‌بکات و ببێتە هاوسەری. پاش ئاشکرابوونی مەبەستی میرزا مارف، بنەماڵە و ئامۆزای کچەکە کە مارەکراوی ئەوە، هێرشی بۆ دەبەن و لێی دەدەن، بە جۆرێک کە پەکی دەکەوێت. براکەی (مام عەزیز) دەیباتە نەخۆشخانە و پاش چەند ڕۆژ لەوێ دەمرێت. لە کۆتاییدا برا بچووکەکە دەڵێت کاکم لەبەر ئەوەی عەینەکی لە چاو نا بەو دەردە چوو، دەنا وای بە سەردا نەدەهات. کەوایە ئەمن سەمعەک لە گوێ ناکەم نەکا تووشی کێشەی لەو چەشنە بم.

### ٣ـ٣ـ٢ـ ناخودئاگای بەهێزی مام عەزیز

چیرۆکەکە گەرچی مۆرکێکی تەنزاویشی هەیە بەڵام لە هەناوی خۆیدا چەندین حەقیقەتی سەبارەت بە سوبژێکتیڤیتەی تاکی و کۆیی دەرخستووە. چیرۆکەکە بەم ڕستەوە دەست پێ‌دەکات: «کاکە هەر ئەوەندەت لێ حاڵیم کە لێوت دەجووڵێنییەوە، دەنا خۆ نازانم دەڵێی چی ...» (ڕەمەزانی، ١٣٧٧: ٥٩). هەر لەم یەکەم ڕستەی سەرەتای چیرۆکەکەوە، کاکڵ و کرۆکی سەرەکیی بابەتەکە شاردراوەتەوە. لێرەدا بە شێوەی خواستنی، ئاماژە بۆ دوو هێمانەی دیتن و بیستن دەکات کە هەر یەک لەم دوو بابەتە، لە شێوەی تێگەیشتن و ڕەوتی پێشکەوتن و ئاقارە جیاجیاکانی مەعریفە و زانستدا و هەروەها لە پرۆسەی نوێبوونەوەدا دەورێکی بەرچاویان گێڕاوە. دەتوانین عەینەک و سەمعەک وەک هێمایەک بۆ مۆدێرنیتە و ژیانی نوێ و ئامێری تازە لە قەڵەم بدەین. نائامادەیی کۆمەڵگا بۆ وەرگرتنی مۆدێرنیتە و چوونە نێو ئەو ڕەوتەوە، لەم دەقەدا لە زەینییەتی سووژەدا نوێندراوەتەوە.

دوانەی چاو و گوێ لە سەردەمی جیاجیادا سەرنجی پێ‌دراوە و هەندێک لە فیلسووفان و بیرمەندان و نووسەران ڕای خۆیان لە سەر ئەم بابەتە دەربڕیوە یان بە شێوەیەک باوەڕیان بە یەکێک لەم دوانە بووە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. نموونەی ئاشکرا لە یۆنانی کەوناردا بریتییە لە جیاوازیی مامەڵە لای ئەفلاتوون و سوقرات. ئەفلاتوون بایەخێکی ئەوتۆی بۆ بینین لەبەرچاو دەگرت و سەرنجێکی تایبەتی بە دیتن دەدا. دەقەکانی ئەفلاتوون دەبیندرێن چونکە نووسراونەتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا سوقرات بە قسەکردن و گوێ‌گرتن، فەلسەفەی خۆی بڵاو دەکردەوە و گرنگیی بە نووسین نەدەدا. بە هۆی پێشکەوتنی

www.SID.ir

Archive of SID

تەکنۆلۆژییەوە، دەکرێ دەنگیش تۆمار بکرێت و لە هەموو کات و ساتێکدا بڵاو بکرێتەوە و هەمووان دەتوانن گوێی لێ‌بگرن. لێرەدا دەنگیش وەک نووسینی لێ‌دێت و ئەو کێشەیە کە سوقراتییەکان ڕووبەڕووی نووسینیان دەکردەوە، کە دەکەوێتە بەردەستی هەموو کەسێک و هەر کەسێک خوێندنەوەیەکی بۆی هەیە، بەرۆکی دەنگیش دەگرێتەوە و ئەگەر دەنگەکە ڕاستەوڕاست نەبێت، ئەو ڕەخنەیە دەیگرێتەوە.

دوانەی چاو و گوێ یان بیستن و بینین، بابەتێکی تاک‌ڕەهەند و سادە نییە کە یەک بڕیاری لە سەر بدرێت. ئەم پرسە لە هەر ئاقار و دەڤەرێکدا پێناسەی جیاوازی تایبەت بە خۆی هەیە. چاو و گوێ دوو چەمکی نەگۆڕی تاک نین کە هەموو کاتێک و لە هەموو بوارێکدا واتایەکی دیار و دەستنیشانکراویان هەبێت؛ بەڵکوو لە شوێن‌ـکاتی خۆیاندا بە ئاراستەی خۆیان دەڕۆن و دەوری خۆیان دیاری دەکەن. ئەم دوو تێگەهە لە ئەدەب، زمان، فەلسەفە، هونەر، کۆمەڵناسی و ئایین و لقەکانی تردا دەبێ بە پێی چوارچێوی مەعریفی و بواری خۆی تاوتوێ بکرێن و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان لێک بدرێنەوە.

چاو و گوێ، دوو دەلاقەی تێگەیشتن و مەعریفە و تێڕامانن بۆ وردبوونەوە لە دەڤەری تازە و جیهانی نوێ. نائامادەیی بۆ هاتنەدەر لە نەریت و چوونە نێو قۆناغێکی ترەوە، لەم دەقەدا و بە سەرنجدان بە زەینییەتی سووژەی کوردەوە نوێندراوەتەوە. لە کۆمەڵگای پاشکەوتوودا هەموو ژیان و بوون و خەیاڵ و ئاواتی سووژە لە ڕابردوودا پەنگ دەخواتەوە و وەکوو سەردەمێکی زێڕین پێناسەی دەکات. ئەم شێوە تێڕوانینە، چەشنێک ڕوو لە دوابوونە و چاو و زەینی سووژە بەسەر داهاتوو و گۆڕانکارییەکاندا کە پێویستە جێبەجێ ببێت، دادەخات.

مام عەزیز ئەگەرچی براکەی مردووە، بەڵام خەڵکی هەر بە ناوی ئەوەوە (میرزا مارف) بانگی دەکەن و دەیناسن؛ واتە کەسایەتیی سووژە دەخرێتە لاوە و تەنیا لە تایبەتمەندییەکی هاوبەشدا (ددانسازی) کورت دەکرێتەوە کە بۆ ئەو خەڵکە ناسراوە و لەگەڵیدا ئاشنان. هەروەها هەموو ژیانی سووژە لە یەک ڕەهەنددا کورت بووەتە و بە یەک ئاراستەدا تێدەپەڕێت و، کار و پیشە و پارە کۆکردنەوە و هەر کارێکی دیکە لە پێناو ژنهێناندایە. ئەم تاک‌ڕەهەندی و سنووردارییە و نەبوونی بژاردەی جۆراوجۆر لە ژیاندا، خۆی یەکێ لە مۆرکەکانی کۆمەڵگایەکی نەریتتەوەری داخراوە کە زەینییەتی سووژە پێک دەهێنێت و جیهانی سووژە دەخولقێنێت. هەر ئەم داخراوەیی کۆمەڵگا، لە سەر شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی سووژە کارتێکەریی بەرچاوی دەبێت، بە چەشنێک کە میرزا مارف کاتێک قایل بە لەچاوکردنی عەینەک دەبێت کە ڕادەیەکی زۆر لە بینایی لە دەست داوە. لە وەها کۆمەڵگایەکدا سووژەیەکی دوگم و خۆپارێز دەردەکەوێت کە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا خۆی ڕێک بخات و تەنانەت ئەگەر گۆڕانێکیش بێتە ئاراوە، زۆر درەنگ و بە ناچار خۆی لەگەڵیدا ڕێک دەخات.

کاتێ میرزا مارف لە سەردەمی پیریدا چاوی بە کچێک دەکەوێ کە زۆر لەو کچە دەچێت لە تافی لاویدا دڵی پێوە بووە و پێی‌نەگەیشتووە، ڕێک دەچێتەوە بۆ ڕابردوو و بێ ئەوەی گومانێکی لا دروست بێت، ئەو کچە بە هەمان کچی سەردەمی لاویی خۆی دەزانێت. مام عەزیز لەبەر ئەوەی نایەوێ ڕووبەڕووی جیهانی نوێ ببێتەوە و پێی خۆشە لە هەمان سەروبەندا سەیر بکات کە لە زەینیدا چەقی بەستووە، تەنانەت ئەم کەم‌وکووڕی (گوێ‌گرانی)یە بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ ئەو مەبەستە. بۆیە دەڵێت: «دەترسم منیش شتێکی وا ببیستم ببێتە مایەی مەرگم» (٧٦). گەشەنەکردنی ئەو واقیع‌خوازییە لە زەینیەتی سووژەدا، بووەتە هۆی پێکهاتنی ئەو جیهانە ناوەکی و زەینییە جیاواز و دوور لە واقیعە و، هەموو لایەن و دەڤەرێکی تری سووژەی لە باری ژیان و هزر و زانیارییەوە داگیر کردووە و بە پێی ئەو نەریتانەی لە ڕابردووەوە خۆی گواستووەتەوە بۆ ئێستا، دای‌ڕشتووە.

www.SID.ir

Archive of SID

لەم دەقەدا هەموو کردەوە و کاردانەوەیەک بە چەشنێک نوێندراوەتەوە کە لە سەر بنەمای نەریت و چوارچێوە دیارەکانی کۆمەڵگایەکی تاکدەنگ و پیاوسالارە و هیچ ڕەنگێکی پێشکەوتنی پێوە دیار نییە. بە شێوەی ئەزموونی و بێ ئەوەی خولێکی تایبەت و پسپۆڕانە ببینن، پیشەی ددانسازی فێر دەبن و، کۆمەڵیش ئەمەی لا پەسەندە. کاتێ دەچن بۆ گوندەکە تا هەندێ لەو کەلوپەلانەی لە دەرەوە هاتووە بکڕن، دەردەکەوێت ئەم ئامێرانە نرخێکی کەمی هەیە و ئەمان پێی خۆشحاڵ دەبن، کەچی بۆخۆی نیشاندەری ئەوەیە ئەم ئامێرانە لە وڵاتە دەرەکییەکانەدا باوی نەماوە و وەکوو کاڵایەکی بێکەڵکن و لەو وڵاتانەوە سەر دەردێنن کە پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە نەدیوە.

یەکێ لە بنواتا فرەپاتەکانی ئەم دەقە، ژنهێنان و ژنمارەکردنە. لە کۆمەڵگای نەریتتەوەردا لەبەر یەکدەستنەبوونی سیستەمە جیاجیا فەرهەنگی و یاسایی و ئایینییەکان و ئاراستەی ناهاوسەنگی لێکدژ، گرفتی جۆراوجۆر دێنە کایەوە. سووژە لەم بەستێنەدا، بە حوکمی ئەوەی بەتەواوی لە ژێر کاریگەریی ناخودئاگادایە و ناخودئاگاش لە سەر نەریتی کۆمەڵگای تاکڕەهەند دامەزراوە، لە مەنتقی نوێ پێڕەوی ناکات. تەنانەت کاتێ دەیەوێ ئەوەی مەبەستیەتی بە بەرامبەرەکەی بیسەلمێنێت، لە جیاتیی بەڵگەهێنانەوە بۆ قسەکەی لە ئاکامدا پەنا دەباتە بەر زەبر و زۆر و هێزی جەستەیی. لە سەرەتای چیرۆکەکەدا بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستیی ئەوەی کە ژنهێنان مافی خۆیەتی و کەس بۆی نییە ڕووبەڕووی ڕەخنەی بکاتەوە، لەگەل بەرامبەرەکەیدا مەچەک لێک هەڵدەپێکن و لە ئاکامدا قسەی ئەو کەسە ڕاست دەردەچێت کە مەچەکی بەهێزتر بووە؛ واتە پشتکردن لە مەنتق و بەڵگە و زانیاری.

### ۳ـ۳ـ۳ـ بۆشایی زەینییەتی مۆدێرن

نائامادەیی زەینی بۆ وەرگرتنی گۆڕانکارییەکان لە ناخودئاگای تاکەکەسی و کۆیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کورد بە تایبەتی دەبسیندرێ. نموونەیەکی بەرچاو کە لەگەڵ ناونیشانی چیرۆکەکەشدا یەکدەگرنەوە بریتییە لەو ناو و ناتۆرانەی سەدەیەک لەمەوبەر لە لایەن خەڵکەوە دەبەخشرانە ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان کەڵکیان لە ئامێرە نوێکان وەردەگرت. بیرمەند و سیاسەتوانی فارسی سەرەتای سەدەی بیستەم، محەمەد عەلی فرووغی، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە سەدەمی لاویدا تەنها بە هۆی بەکارهێنانی عەینەکەوە لە بۆنەیەکی ئایینیدا بە خوانەناس لە قەڵەم دراوە (۱۳۹۷: ۷۵). لەم کورتەچیرۆکەی بەردەستیشدا کاردانەوەی خەڵکی ئاسایی لە هەمبەر دەرکەوتە و نیشانەکانی مۆدێرنیتەدا بە چەندین شێوە نوێندراوەتەوە. «گیان؟ هە هە! فەرمووت باش ماوم؟ وەڵا حەفتا، هەشتا دەبم، بە خولای وەک کەڵ وابووم، ...» (۵۹). برای چکۆلە گوێی زۆر سەنگین بووە و نابیسێت؛ ئەمە هێمایەکە لە کۆمەڵگای نائامادە بۆ وەرگرتنی مۆدێرنیتە. ئەو بێ ئەوەی لە پرسیارەکان تێبگات (لەبەر گوێ‌گرانی)، خۆی هەڵیاندەبژێرێت؛ هەموو پرسیارەکان لە بازنەی زانیارییەکانی خۆی و ئەو بابەتانەی ئارەزووی لێ‌دەکات، دەسووڕێتەوە. کەواتە درێژەی دەقەکە بە هەمان ئاقاردا تێ‌دەپەڕێت. واتە ئایدیۆلۆجییەکی نەریتتەوەر و بناژۆخوازانە و دوور لە واقیع و داخراو، زینی سووژەی داتەنیوە و هەر یەک لەمانە لە دەرەوەی زەینی سووژەدا بە شێوەی پێکهاتەمەند لە لایەن دامەزراوە و سیستەمێکەوە پاڵپشتیی لێوە دەکرێت. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، سووژە بە پشتبەستن بە بەڵگەیەکی نابەجێ و ناعەقڵانی و دوور لە واقیع، پاساو دێنێتەوە بۆ بەکارنەهێنانی سەمعەک و دەڵێت: «دەترسم منیش شتێکی وا ببیستم ببێتە مایەی مەرگم» (۷٦). واتە هەر شتێکی نوێ، بە هۆکاری تێکچوون و شپرزەیی و لەناوچوون دەزانێت. بەو عەقڵانییەتەوە کە جیهانی نەریت پێکی هێناوە، ناتوانێت و قەت ناکرێت و ئەو دەرفەتە دەست نادات کە ڕووبەڕووی بابەتە نوێیەکان ببێتەوە. ئەو ڕوانینە نەرێنییانە بۆ بابەتی تازە، یەکێ لەو بەربەستانەیە لە زەینی سووژەدا کە لەو پارادایمە نەریتتەوەرەدا پێک هاتووە.

www.SID.ir

Archive of SID

## ٤ــ ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتییەکانی سێ کورتەچیرۆکی هاوچەرخی کوردی بە گوێرەی بیرۆکە و بۆچوونی دەروونشیکارانەی لاکانی هەڵسەنگێندران و ئەوە پیشان درا کە چلۆن بۆشاییەکانی نێو ناخودئاگای کەسایەتییەکان لە ڕەوتی بەسووژەبوونی ئەواندا تێکچوویی و ناهاوسەنگیی دروست کردووە. هەروەهاش هەوڵ درا بۆشایی ناو-سووژەیی کەسایەتییەکان کە بە هۆی ئامادەنەبوونی کۆمەڵێ تایبەتمەندییەوە هاتوونەتە ئاراوە، دەستنیشان بکرێ. لە چیرۆکی «لۆزان»دا ئەوە پیشان درا کە چلۆن کاوە وەکوو نوێنەری سووژەی کورد بە دەست بۆشاییەکی ناخودئاگاوە دەناڵێنێ. نووسەر ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەیل بۆ لۆزان، دڵبەرە ئەورووپییەکەی کاوە، و نەفرەت لە پەیماننامەی لۆزان و هەروەها نەبوونی ئەزموونی بابەتی خەیاڵی دەنوێنێتەوە. هۆکاری بیچمگیریی ئەم بۆشاییە دەگەڕێتەوە بۆ باری تایبەتی نەتەوەیی و بەخشینی مۆرکی سیاسی لە ناسنامەی کۆیی و تاکیی کەسایەتیی سەرەکیی بەرهەمەکەدا. لە چیرۆکی دووەمدا نووسەر بە مەبەستی نواندنەوەی بۆشایی سۆزدارانەی دکتۆر هێرۆ، شێوەیەکی گێڕانەوەیی نوێخوازانە هەڵدەبژێرێ. ئەم بۆشاییە لایەنێکی تاکی و مۆرکێکی سۆزدارانەی هەیە، بەڵام بە هۆی چەشنی تایبەتی جڤاکی کوردی و کۆتوبەندەکانی نەریتەوە بۆتە بەشیک لە ناسنامەی تاکیی کەسایەتییەکە. لە کورتەچیرۆکی سێیەمدا، چۆنیەتیی نائامادەیی سووژەی کورد، بە تایبەت کەسایەتیی مام عەزیز، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مۆدێرنیتە و هەر بابەتێکی نوێ و وەرگرتنی، بە ڕەچاوکردنی دوانەی چاو و گوێ لێک درایەوە. لێرەدا بۆشایی ڕەنگێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و بۆتە مۆرکێکی فەرهەنگی لە ناسنامەی تاک و کۆمەڵدا.

لەم سێ چیرۆکەدا بە ڕەچاوکردنی دەور و کاریگەریی مەیل، بە بۆشایی ناخودئاگای کەسایەتییەکان ئاماژە کرا. لە کاوەدا بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای کورد و نەبوونی وڵاتێکی یەکپارچە، بۆشاییەکە لە چەشنی نەتەوەیی و ناسنامەیە. لەبارەی دکتۆر هێرۆوە بە سەرنجدان بە نەبوونی دڵدارێک لە ژیانیدا، بۆشاییەکی سۆزدارانە بە ئەژمار دێت و ئاخێزگەکەشی کۆتوبەندەکانی کۆمەڵگای نەریتەوانە. لە کەسایەتیی مام عەزیزدا، بە نائامادەیی زەینییەتی سووژەی کورد بۆ وەرگرتنی ژیانی تازە و مۆدێرنیتە ڕەنگ دەداتەوە و زاڵبوونی زەینییەتی سونەتی بە هۆی بۆشایی و نەبوونی زەینییەتی مۆدێرنەوەوە، بەری بە دینامیزمی فەرهەنگی بە شێوەی بگۆڕ و چالاک لە کۆمەڵگای کوردیدا گرتووە. ئەم سێ چیرۆکە نەک هەر هەوڵی نواندنەوەی بۆشایی دەدەن، بەڵکوو دەشکرێ بڵێین لە سەر بۆشایی دامەزراون. گەرچی سەرنجی ڕوانین لێرەدا لە سەر سوبژێکتیڤیتەی تاکەکەسییە، بەڵام ئاشکرایە لایەنی هاوشێوەی ئەم بۆشاییە لە سوبژێکتیڤیتەی کۆمەڵایەتیشدا دەرکەوتووە. ئەو جڤاتەی سووژەی کوردی تێیدا پەروەردە دەکرێت، لەبەر هۆکاری ئاماژەبۆکراو نەیتوانیوە وەک سیستەمی فەرهەنگی و ژینگەیەکی تەندروستی کۆمەڵایەتی ئامێز بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، سۆز و ئەوین، مۆدێرنیتە و ئەزموونی نوێ بکاتەوە. لێرەدا بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئەم بۆشاییە لە لایەن تاکەکەس و جڤاتەوە، لە ئەنجامدا جۆرێک پێوەندیی لە نێوان سوبژێکتیڤیتەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا دروست کردووە کە دەتوانین وەک دیالێکتیکی ڕووخێنەر ناوی لێ‌بەرین، بە حوکمی ئەوەی کەشێکی خولقاندووە کە تێیدا هیچ جۆرە ئازادییەکی بۆ دەربازبوون لەو بۆشاییە بۆ سووژەی کوردی نەهێشتووەتەوە.

www.SID.ir

Archive of SID

**سەرچاوەکان**

کوردی

حەسەن، شێرزاد (۲۰۰۱). *گەرەکی داهۆڵەکان*. هەولێر: ئاراس.

ڕەحیمیان، محەمەد (۱۳۸۳). «کێشەی مەعریفە و تراژیدیای نائامادەگی لە ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم*». دووهەفتەنامەی *ڕۆژهەڵات*، س. ۱، ژ. ۵.

--- (۲۰۱۷). «مەیلی ڕەوایی و چێژێکی بریندار؛ خولیای گێڕانەوە لە چیرۆکی *ئەو باڵندە بریندارە کە منم*». گۆڤاری *ڕامان*، ژ. ۲۳٦، لل. ٦٦-٥۹.

ڕەمەزانی، محەمەد (۱۳۷۷). *مزگێنی*. سەقز: محەمەدی.

سەجادی، بەختیار (۱۳۸۰). «سووژەی کوردی و چەشنەکانی باوک لە *حەسار و سەگەکانی باوکم*-دا». گۆڤاری *دەق*، س. ۲، ژ. ۲، لل. ۱۷٤-۱٥۱.

--- (۲۰۰۹). «گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا: خوێندنەوەی *گرەوی بەختی هەڵاڵە*». گۆڤاری *ڕامان*، س. ۱٤، ژ. ۱٤۰، لل. ٤۲-۲۹.

--- (۱۳۹۸). «گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعیخوازی و دژەواقیعیخوازیدا». سێمیناری ئەدەبی هاوچەرخ، ۱۳۹۸/۹/۳۰ هەولێر.
http://kurdishbookhouse.com/ku/100-196 (ڕیککەوتی دەستپێڕاگەیشتن، ۱٥ی گوڵانی ۱۳۹۹).

قازی، مریەم (۱۳۹٦). «*باڵندەکانی دەم با* و شریخەی تێکشکانی من».
http://haje.ir/newsdetails.aspx?itemid=4002 (ڕیککەوتی دەستپێڕاگەیشتن، ۷ی ڕێبەندانی ۱۳۹۷).

نەهایی، عەتا. (۲۰۰٦). *سەرجەمی چیرۆکەکان*. هەولێر: ئاراس.

فارسی

پاینده، حسین (۱۳۹۱). *داستان کوتاه در ایران (داستانهای مدرن)*. جلد دوم، تهران: نیلوفر.

پشابادی، یدالله (۱۳۹۰). *بررسی تطبیقی و تحلیل شخصیت در آثار داستانی ثروت اباظه و شیرزاد حسن از دیدگاه روانشناسی و نقد ادبی*. پایاننامه دکتری دانشگاه شهید چمران اهواز.

--- (۱۳۹٦). «بررسی و تحلیل اندیشه‌های شیرزاد حسن (بر اساس منتخب آثار داستانی وی)»، *پژوهشنامه‌ی ادبیات کردی*، صص. ٥۸-۳۹، سال سوم، شماره ٤، صص. ٥۸-۳۱.

جعفری، علیرضا (۱۳۸۹). «دیدن یا شنیدن، مسئله این است: نگاهی به جایگاه چشم و گوش در شعر و ادبیات». *نقد زبان و ادبیات خارجی*، س. ۳، ش. ٥، صص. ٤۷-۲۳.

حسینی، ساجد و بختیار سجادی (۱۳۹۷). «بازنمایی امر نیمه خودآگاه در روایت از منظر روانکاوانه: بررسی شگرد جریان سیال ذهن در داستان کوتاه «فردا» اثر صادق هدایت». *ادبیات پارسی معاصر*، س. ۸، ش. ۲، صص. ٦۲-۳٥.

www.SID.ir

Archive of SID

صنعتی، محمد (۱۳۹۱). «دربارهٔ ادیپ ما و ادیپ آن‌ها ـروایتی از خودکامگی و پدرکشی در فرهنگ مرگ». http://www.mohammadsanati.net/1390/t/psychoanalyticalthought/484 (تاریخ دسترسی، ۱ مرداد ۱۳۹۹).

فروغی ، محمدعلی (۱۳۹٦). *خاطرات محمدعلی فروغی به همراه یادداشت‌های روزانه از سال‌های ۱۲۹۳ تا ۱۳۲۰*. به کوشش محمد افشین‌وفایی و پژمان فیروزبخش. تهران: سخن.

English

Easthope, Antony (1999). *The Unconscious*. London: Routledge.

Homer, Sean (2005). *Jacques Lacan.* London: Routledge.

Maleki, Hourieh, and Bakhtiar Sadjadi (2018). "The Emergence of Lacanian Ideal Ego in the Light of Ego Ideal in *Atonement*." *International Journal of English Language and Translation Studies*. Vol. 6, No. 2, pp. 132-142.

Lacan, Jacques (2006). *Écrits*. Trans. Bruce Fink, New York: W. W. Norton.

--- (1993). *The Seminar of Jacques Lacan, Book II*: *The Psychoses*, 1955-56. Trans. Russell Grigg. London: Routledge.

--- (1991). *The Seminar of Jacques Lacan, Book II*: *The Ego in Freud's Theory and in the Technique of Psychoanalysis*, 1954–55. Trans. Sylvana Tomaselli. Jacques-Alain Miller, Ed. New York: W.W. Norton & Co.

--- (1953). "Some Reflections on the Ego." *The International Journal of Psychoanalysis*, Vol. 34, pp. 11-17.

Lacan, Jacques and Maxwell J. Mehlman (1987). "Introduction to the Names-of-the-Father Seminar." October, Vol. 40, pp. 81–95.

Lane, Richard J. (2006). Fifty Key Literary Theorists. New York: Routledge.

Sadjadi, Seyed Bakhtiar (2010). *Investigating the Subject's Identity: The Critical Treatment of the Lacanian-Althusserian Dialectic and Subjectivity Formation in James Joyce's A Portrait of the Artist as a Young Man*. Exeter University.

Schmitz, Bettina and Julia Jansen (2005). "Homelessness or Symbolic Castration? Subjectivity, Language Acquisition, and Sociality in Julia Kristeva and Jacques Lacan." *Hypatia*2۰. 22 May. 2011 <http://www.jstor.org/stable/3811164>.

Shepherdson, Charles (2000). *Vital Signs: Nature, Culture, Psychoanalysis*. London: Routledge.

Wolfreys, Julian (2003). *Critical Keywords in Literary and Cultural Theory*. London: Palgrave Macmillan.

www.SID.ir